# وانەی ئەوین

بەغدا 1987/6/1

ئەرێ گیانە وەبیرت دێ
ئێوارانێك كۆڕی ئەشقت پێ دەبەستم
ژوانگە دەبوو بە قیبلەگا
بۆ ئەوین و وشەی جوانی
ئەوەی شیعرە نەمدەزانی
خۆت بۆم دەبووی بە مامۆستا
بە جەزیری
نالی و خانی
بە هۆنراوە
بە گۆرانی
گوڵی شیعرم لە باخی سینەی تۆ بۆن كرد
ئینجا زانیم شیعر چی یە
دڵی خۆم لە گوڵستانی چاوی تۆ كرد بە قوتابی
ئینجا زانیم ئیشق چی یە
ئەگەر رۆژێك لە چاوانما جوانی باڵاو
پیرۆزەی چاوی تۆم كۆنەكردبایەوە
ژانی جودایی دەیگرتم

سۆمای چاوانم نەدەما

پێی دەمردم

گەر تاوێکیش تورە ببای

لێم تۆرابای

فێری شەونخونی و گریانت دەکردم

هەر تەنیا خۆت مامۆستام بوویت

نەدەبوایە فێریشم کەیت

کە چۆن وەکو دارەبەنێك

لەبەردەم رەشەبای ئازاری جوادییت

خۆم رابگرم؟